ئەو رۆژەی نەخۆشخانە گازباران کرا



د. ناسیح قەرەداغی

پێش ئەوکاتەش چەند جارێک ناوچەی قەرەداغ کەوتبووە بەر هێرشی کیمیایی، بەڵام ئەوە یەکەمجار بوو نەخۆشخانە را لەنزیکەوە ببێتە نیشانەی فڕۆکەکانی رژێم ئەویش بەچی؟ بەگازی کیمیایی.

نەخۆشخانەی مەڵبەندی یەک لەپێنا چەمۆڵکەیەکدا بوو، لەدۆڵێکی بچووکدا لـەدەرەوەی گوندی بەلەکجار بەلاشانی بەرزاییەکی بچووکەوە رووەو دەربەند سەرەولای واحەمەرشی گـەورەای کێوی سەرکەش و دیوار ئاسای قزیی قەرەداغ. بەچواردەوری نەخۆشخانەدا تاچەند سەد مەتریش هیچ بینایەکی تر نەبوو. لەبەرئەوە نەخۆشخانە تائەوکاتە شوێنێکی ئەمین بوو ر پێ دەچوو، هیچ ئەمێ خۆمان رامان هەست دەکرد، کە ئەبوویتە جێی سەرنجی فڕۆکەکانی رژێم کەزۆرجار بەسەر ئاسمانی ئەو ناوەدا سووڕابوونەوەو بۆردومانیان کردبوو. کارمەندانی نەخۆشخانە، ئەوانەی ئەو ساتە لەبیرمدابن، بێجگە لەبەندە، بریتیبوون لە د. فایەق، کەئەوساتە لەناو مەڵبەند بوو، د. جەلال، کەئەوکاتە لەگەڵ هێزدا لەناوچەی مەڵبەندی دوو بوو، د. مەحموود، د. ناجح، پزیشکیارەکان، بۆتان، یادی بەخێر حەسەن و عوسمان برایم و جوتیارو شوان سەرکەوت، سەرەڕای مام برایم و چەند پێشمەرگەیەکی تر.

ئەو رۆژە(٢٧)ی شوباتی(١٩٨٨) واتە بیست ساڵی رێک لەمەوبەر، رۆژێکی نیمچە سامالی زستانی بوو، هەوا لەچاو چلەیەکی دەرەنگدا گـەرم و ئاسمان شین و دیدە روون بوو، چەند کەواڵە هەورێک شینایی ئاسمانیان لەنێوان خۆیاندا بەش کردبوو. پێنج شەش نەخۆشمان هەبوو لەدوو ژووری نەخۆشخانەدا راکشابوون و ئێمەش هەریەکەمان لەژوورو دەشتی بەردەم نەخۆشخانەکەدا مەشغوولی شتێک بووین. هەرچەندە گوێی پێشمەرگەو گوندنشین ئەوکاتە بۆ دەنگی فڕۆکە مشک ئاسا تیژبوو لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئـەوەنـدەی هەستت بەئەگەرو ئەگەری ئەو دەنگە دوابڕاوە دەکرد، بەناسانم فریای ئەوە دەکەوتی خۆت بگەیەنیتە کونە ئەیارێک یان بن بەردێک. کاتژمێر سێ و نیو بوو ئەوەندەمان زانی گرمەی فڕۆکە هات ئاسمانمان بەرزکردەوە چەند فڕۆکەیەکمان بینی بەسەر بەلەکجاردا دەسووڕانەوە. بەنزمی و سووڕانەوەکەیاندا دیاربوو نیازی ئەو ناوەیان هەیە. ئەوەندەی بەپەلە پێمانکرا بەفرکانێک خۆمان گەیاندە ناو ئەو پەناگەیەی کە لەبەردەم نەخۆشخانەکەدا دروستمان کردبوو.

ئەوانەی لەو نزیکانە بووین و فریاکەوتین بەپیرتاوێک خۆمان خزاندە ناو پەناگاکەوە. ئەوی بۆردومانی فڕۆکەی جەنگیی بینیبێ یاموشەک و ئۆپ بەرەو رووی هاتبێ، ناسینەوەی دەنگی بۆردومان بەرەو رووت زۆر ئاسانە. ویژەیەکی قایم ئـاوای زیاد دەکات و وا هەست دەکەی بۆمبەکە راست بەرەو لۆدەی و هەر ئێستا ئێسک و پرووسکت دەبا بەئاسماندا. ویژەی دابەزینی فڕۆکە ئادەهات زیاتر دەبوو، ئێمەش هەناسەمان لەخۆمان بڕیبوو، کەس هیچی بۆ نەدەهات. خواخوامان بوو هەرچی زووترە بۆمبەکە بدات لەئەرزو لەو چاوەڕوانییە رزگارمان بێت. ویژەی دابەزینی فڕۆکە گەیشتە ئەوپەڕی و دەنگێکی کپ وتی(ترپ!). لەدڵی خۆمدا وتم(ئەمە هی ئەو دابەزینە نـەبـوو!) بـەڵام مـن پێشتر بۆردومانی کیمیاییم بینیبوو و لەدەورەیەکی راهێنانی کیمیاییشدا بەشداریم کردبوو لەگوندی یاخسەمەر. لەبەرئەوە زۆر سەیر نەبوو بەلامەوە. کەدەنگی فڕۆکە کەم بووەوە، یەکسەر لەپەناگاکەوە سـەرم هێنایە دەرەوە، رێک بەرامبەر کونی پەناگاکە پەنجا مەترێک دوور لەخۆمان بەسەر بەرزاییەکەوە دووکەڵێکی سپی چووبوو بەئاسمانا.

بەهەڤاڵەکانم وت: کیمیاییە، کورینە، وەرنـە دەرەوە، هەموو بەپەلە هاتینە دەرەوەو شپرزە بووین، چی بکەین. بەپێی رێنماییەکان پێویستە ئادەتوانی لەشوێنەکە دوورکەویتەوە بۆ بەرزایی و بەپێچەوانەی ئاراستەی باوە بڕۆی. ئەی نەخۆشەکان؟ خۆناتوانین ئـەوان بگرێزینەوە. بۆیە سەرەتا بەپەلە چووینە ژووری نەخۆشەکان پێمانوتن کـەوا کیمیاییە، لەبەرئەوە پێویستە خۆیان بپارێزن. پەردەکانمان دادایـەوە، دەرگـاو پەنجەرەمان لێداخستن و وتمان خاولییەک تەڕکەن و بیدەن بەسەر دەموچاویاندا و نەیەنەدەرەوە تاخۆمان پێتان دەڵێین. خۆشمان بەراکردن سەرکەوتین بۆ بەرزاییەکانی بەرامبەر نەخۆشخانەو لەبن بەردەکاندا خۆمان مەڵاسداو چاوەڕێی ئاوەروخەمەکەمان دەکـرد. فڕۆکـەکـان نزیکـەی(٣٠) دەقیقە مـانـەوە چەند سووڕێکی تریان خوارد بەسەر ناوچەکەداو نزیکەی(٤٠) بۆمبایان هاویشت. بێجگە لـەوەی کەیەکسەر بینیبوومان، سێ بۆمبای تریش لەدەوروبەری نەخۆشخانە بـــەدووری(٥٠-١٠٠م) دایـان لـەزەوی. دێهاتەکانی تریش کەگازبارانکران بریتیی بوون لە بەلەکجارو بەرەدێ و تەکیەو بەقەو گۆمەتەو مەلێمەند.

دوای ئەوەی فڕۆکەکان رۆیشتن ئێمە دابەزینە خوارەوە بۆ نەخۆشخانە. ئەو رۆژە ئەمان وێرا بچینە سەر شوێنی بۆمبەکان، بەڵام لەدوورەوە سەیری نزیکترینیانمان کرد. رێک لەبەر لووتی ئەمبولانسەکەماندا دابووی لەزەوی. دیار بوو ئەمبولانسەکەی بەمەی کـردبـوو. ئـەم ئەمبولانسـەمان لەئازادکردنی شارۆچکەی قەرەداغ ساڵی پێشوو دەست کەوتبوو. بەقوڕ سواخمان دابوو، لەژێر داربەڕوویەکدا داڵدەمان دابوو، بەڵام رۆژی پێشتر باران بوو، زۆربەی قوڕەکەی شۆرابۆوەو دیاربوو لامەزەب بریقەکەی خەبەری ئێمەی بەفڕۆکەوان دابوو.

یەکسەر چووینەلای نەخۆشەکان، خۆشبەختانە هەموو سەلامەت بوون. دوای دوو کاتژمێر هەواڵی برینداری کیمیایی لەگوندەکانەوە سەریهەڵدا. لەبەرەدێ و بەلەکجار زیانی زۆری دابوو، زیاتر لـە(٣٠) سەر بزن و چەند مانگایەکی کوشتبوو. بۆمبێک راست لەبەردەم بارەگای لەشکری بەدردا دابووی لەزەوی و ئەوانیش پارێزیان لێ نەکردبوو، تۆز بەدەوریدا گەڕابوون، زۆربەی زۆری بریندارەکان، زیاتر لە(٨٠٪) هی لەشکری بەدر بوون. رەنگە ئاماجێکی بۆردومانەکەش هەر ئەوان بووبن، چونکە چەندین رۆژ لەوەوپێش چالاکییەکیان لەسەر رێگەی سەنگاو ئەنجام دابوو، چەند سەربازێکیان کوشتبوو. ژمارەیەک هاوڵاتیش بریندار بووبوون. تێکڕا نزیکەی(٢٠٠) بریندار هەبوو، بێجگە لەخۆمان ستاقی نەخۆشخانە کەشەو بەخۆمانزانی. نیشانەکانی برینداەکان بریتیی بوون لەچاو سووربوونەوە، ئاوکردن، رشانەوە، کۆکە، تەنگەنەفەسی، بلۆق. ئەمانە هەمووی نیشانەی گازە بلۆقێنەرەکان بوو لەجۆری خەردەل و ئەوانی تر. ئەم گازانە کوشندەنین ئەگەر پیاو زۆریان لێ هەڵنەمژێ. من پێشتریش لەئازادکردنی قەرەداغدا ئەمجۆرە بۆردومانەم بینی بوو، بریندارم چارەسەر کردبوو. ئیتر ئەو عەسرە تائیوە شەو ئێمە پەیتا پەیتا نەخۆشمان بۆ دەهات و چارەسەرمان دەکـردن. ئەو دەرمانانەی بەکارمان دەهێنان، پاش پاککردنەوەی نەخۆش بریتیی بوون لەقەترەی سڕکەری زایلۆکاین بۆ ئـازاری چاو، دەرمانی رشانەوە... چەند کەسێکیشمان لە لەشکری بەدر داخڵکرد کەگازەکە کاری لەسییەکانیان کردبوو، نزیکەی دوو هەفتە مانەوەو سەرەنجام یەکێکیشیان شەهید بوو. ئەمە یەکەم قوربانیی گازی کیمیایی بوو لەناوچەی قـەرەداغ تاپێش کارەساتی سێوسێنان.

ئـەو رۆژەو رۆژی دوایـی بـەردەم نەخۆشخانە، بەتەعبیری ئـەوسـام، وەک لەرۆژ ژمێرەکەمدا نووسیومە، وەک بەردەم مەرقەدی شێخ عەبدولقادری گەیلانی وابوو، هەرکەسەو بەتانییەکی داوەو بەشانیداو لەپێنا دیوارو لەحەوشەی نەخۆشخانەدا کزۆڵەی کردبوو، چاوەڕێ بوو جارجار قەترەیەک یادەرزییەکی بەرکەوێ ئاتۆزێ ئازاری بشکێنێ.

ئێمە بەمجۆرە مەشغوولی نەخۆش بووین بێخەبەر لـەوەی خۆشمان برینداربووین. سەیر لەوەدابوو ئێمە خەمی نەخۆشەکانی خۆمان بوو کەبەجێمان هێشتبوون، ئاخر بەحساب ئێمە دوورکەوتبووینەوە لەشوێنی بۆمبـەکـان!! خەتێکی مەوڵیدەمان لەمەڵبەندەوە بۆهاتبوو کەشەوان کارەبای بۆ هەڵدەکردین. ئەو شەوە کەکارەباهاتەوە گڵۆپەکان تینی نـەبـوو. لـەسـەر سفرە دانیشتبووین و هەندێ مشتومڕیشمان کرد لەسەرئەوەی بۆچی گڵۆپەکان تینیان نییە... هەرکەسە شتێکی ئەوت، یەکێکیش بەسوعبەتەوە وتی دیارە مەوڵیدەکە کیمیایی لێی داوەو سەرەنجام وتمان دیارە مەوڵیدەکە ئەمشەو ناتەواوە. ئەوەمان قەبووڵ کرد تاکاتژمێر نزیکی هەشت کەدەچووین بۆ لای نەخۆشەکان دەرمانیان بدەینێ. نازانم کام لـەبرادەران بوو باسی گڵۆپەکانی کردبوو لای نەخۆشەکان و وتیبووی ئەمشەو تینیان نییە. نەخۆشەکانیش قسەکەیان بەلاوە سەیر بووبوو وتیبوویان وەڵلا هیچ عەیبێی نییە، هەر وەک شەوانی ترە. ئەویش حەپەسابوو. چۆن شتی وا دەبێت! لای پێشمەرگەکان گڵۆپ کزو لای نەخۆشەکان ئاسایی!! باتێکەو دوو هەوا!.

کەبرادەرەکەمان بەئێمەی وت، ئێمەش هەموو سەیرمان لێهات. باوەڕمان نەدەکرد گڵۆپ لای ئێمە کزبێ و لای ئەوان ئاسایی. هەموو چووینەوە لای نەخۆشەکان بۆ دڵنیایی! کەچی گاڵتەیان پێ کردین، وتیان بابە هەر وەک شەوانی هیچ فەرقی نییە!!.

کـەوانـە خۆیەتی، دیـارە چـاومـان ئەڤیرەوە کاریگەریی کیمیاییەکەیە. شتەکانی تـرم بیستبوو لەوێنەی چاو سووربوونەوەو ئاوکردن و ئـازار، کەئێمە هیچیمان نەبوو، بەڵام کزبوونی چاو بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی تری لەگەڵ بێت، ئەمەم نەبیستبوو. بەهەرحاڵ وتمان دیـارە کیمیاییەکە کـاری لەچاومان کردووە. هەموو دامانە پێکەنین ئەگەرچی نیگەرانیش بووین. ئیتر زوو زوو بەلاقرتێوە بەیەکمان دەوت: بەڵێ گڵۆپەکان کز بوون!.

بـەوجـۆرە خەوتین بـەدەم نیگەرانیی چاومانەوە. بەیانی کە لەخەو هەستاین، هەموو کەم تازۆر تووشی چاو سووربوونەوە بووبووین. ئینجا دڵنیابووین کەبەڵێ ئێمە کە بەحساب چووبووینە بەرزاییەکان و خۆمان پاراستبوو، کیمیایی لامەزەب کاری لێ کردووین. کەچی نەخۆشەکان، کە لەژوورەکاندا مانەوە پارێزراوبوون. لێکدانەوەکان بۆ ئەمە ئەوەبوو، ئێمە زۆر نزیک بووین لەیەکەم بۆمب و لەکاتی هـاتـنـەدەرەوەمان کاتێ چووینەوە لای نەخۆشەکان پاشان ئاگەیشتووینەتە بەرزاییەکان هەوا هەندێ لەگازەکەی مالیبوو بەسەرچاوماندا، بەڵام نەخۆشەکان، چونکە لەشوێنێکی قەپاتدا بوون، گازەکە زەفەری پێ نەبردەبوون.

رۆژی دوایـی بارانێکی چاک باری. شوێنی بۆمبەکانی ئارادەیەک پاککردبووە. من چوومە سەر جێگەی بۆمبەی لای ئەمبولانسەکە تابزانم چۆنە. چاڵێک بوو بەپانیی(٣م)و قـووڵایـی(١م). لەناو چاڵەکەدا پارچە بۆمبێکم دۆزیەوە لێی نووسرابوو(LVZ)، کەوابزانم کورتەی لویزایتە کەیەکێکە لەگازە بلۆقێنەرەکان.


Dr Nasih Qeredaxi

چەند لاپەڕەیەک لەدەستنووسی نووسەر کە لەساڵی ١٩٨٨ دا تۆماری کردوون

بڵاوکراوەی نوێ



گۆڤاری فریا

ژمارە یەکی گۆڤاری(فریا) کەگۆڤارێکی وەرزییەو کۆمـەڵـەی فریا بۆ پیشەگەرانی کاروبـاری مین دەریدەکات، کەوتە بەردیدەی خوێنەران. ئەم گۆڤارە تایبەتە بەبڵاوکردنەوەی زانیارییەکان سەبارەت مین و مەترسییەکانی لەسەر مرۆڤ و ئەرک و چالاکییەکانی پیشەگەرانی کاروباری مین.

بابەک ئەحمەدی
وەرگێڕانی: مەسعود بابایی
پێکهاتە و راڤەی دەق

پێکهاتەو راڤەی دەق

نووسینی: بابەک ئەحمەدی، وەرگێڕانی، مەسعود بابایی.

لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فکری و ئەدەبی نما-یە، چاپی یەکەم(٢٠٠٧) ئەم کتێبە بەهاوکاری بەڕێز

د. کەمال فوئاد بەچاپ گەیشتووە.

ستیفان بروشفیلد
پۆل ئا. لیڤین
ئاگاداری
نەوەکانتانی پێ بکەنەوە

هۆلۆکۆست ئاگاداری نەوەکانتانی پێ بکەنەوە

نووسینی: ستیفان بروشفیلد، پۆل ئا. لیڤین، وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە، شێرزاد هەینی.

ناوەڕۆکی کتێب: باس لەقڕکردن دەکات لەساڵانی(١٩٣٣-١٩٤٥) لەئەوروپا، کۆمەڵێک رێنمایی گرتووەتەخۆ کەگوزارشت لەکارەساتی سووتاندن و قڕکردنی جولەکە دەکات بەدەست نازییەکانەوە. لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فکری و ئەدەبی نما-یە، چاپی(٢٠٠٧) هەولێرو لەلایەن حکومەتی سویدی و لەسەر داوای پەرلەمانی سوید بەچەند زمان بڵاوکراوەتەوە.

یادەوەری
گوڵەستێرەکان کوژانەوە
کەریم کاکە

گوڵە ستێرەکان کوژانەوە

نووسینی: کەریم کاکە.

چاپی یەکەم(٢٠٠٧) هەولێر لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فکری و ئەدەبی نما-یە.

ناوەڕۆکی کتێب: بریتییە لەگێڕانەوەی کۆمەڵێک یادەوەری سەردەمانی پێشمەرگایەتی و شاخ.